


# سەرکەوتنی بیر

ئۆراینزن سوت ماردن

و.فارسی: سەید رەزا حوسێنی

و.کوردی: ڕێباز مستەفا

**ئەوانەی کە بەبیرکردنەوە هەنگاو ئەنێن لە نێو لافاوەکانی ژیاندا نوقم نابن، دەبێ کۆشك و تەلاری ئاینده بە کەلوپەلی بیر بنیات بنێین. خۆمان بێ ئاگاین کە بەختەوەری یا بەدبەختی لەژیانی خۆماندا، خۆمان بەبیری خۆمان فەراهەمی دەکەین، بنچینەی هەموو بوون و بونەوەرێکیش لەسەر ئەم پرەنسیپە هەڵنراوە، وناونراوە" ڕێکەوت" کەوایە، چارەنووسی خۆت هەڵبژێرە و ئامادەی بکە، حەز و خۆشەویستی ، حەزو خۆشەویستی دێنێتە بەر هەم و ڕك و کینەش ڕك وکینەی لێ دەکەوێتەوە.**

ئە.و.ویلکوکس١

دەگێرنەوە پیاوێکی نەزان کەشتیێکی بە میرات بۆ بەجێما، ئەو پیاوە ئەگەرچی هیچی لەبارەی دەریا و دەریاوانی و کاروباری میکانیکی نەدەزانی، کەچی لە دڵی خۆیدا هاتە سەر ئەوەی کە لە نێو ئەو هەموو ئاوەی ئۆقیانووسدا خۆی فەرماندەیی لێخوڕینی کەشتیەکە بکات. ئەو دەمەی کەشتیوانەکان کەشتیەکانیان ئامادەی ڕۆیشتن دەکرد، ئەو خۆی لە کاری ئەوان هەڵنە قورتاند، چونکە هیچی لێنەدەزانی، بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەی کەشتیەکە چووە نێو دەریای فراوانەوە، کاری کەشتیوانی زۆر بەکارێکی ئاسان هاتە بەر چاو. کاتێ لەسەر سەکۆی پێشەوەی کەشتیەکە پیاسەی دەکرد، بینی پیاوێك سوکانێکی گەورەی گرتووە دەمێك بەملاو دەمێك بەو لادا وەر دەسوڕێنێ. پرسی:

- ئەو پیاوە خەریکی چیە لێرە؟

وەڵامیان دایەوە:

— سوکاندارە و بەئاراستەیەکی دیاریکراو ڕێڕەوی کەشتیەکە دیاری ئەکات.

گوتی:

— ئەوە چ دەبەنگێکە! من هیچ سودێك لە خۆ ماندوکردنی ئەو کابرایەدا نابینم. لەبەرامبەری ئێمەدا لە ئاو بترازێ شتێکی دیکە بەدی ناکرێت، چارۆگەکان خۆیان کەشتیەکە بەرەو پێشەوە دەهاژۆن. ئەودەمەی لە لێوار نزیك دەبینەوە یان ئەگەر دیتمان کەشتیەکیتر روو بەروومان دێت، ئەوسا دەتوانین سوود لە سوکانی کەشتیەکە وەربگرین... هەموو چارۆگەکان بکەنەوە و کەشتیەکە ئازاد بکەن، باخۆی ڕێگای خۆی تەی بکات.

فەرمانی ئەویان جێبەجێکرد.. کەشتیەکە نوقمی دەریابوو و ئەوانەی کە توانیان گیانی خۆیان دەرباز بکەن و نەخنکان، ئەو پیاوە نەزانەیان لەبیر نەکرد کە پێیوابوو کەشتی بەبێ فەرماندە دەتوانێ ڕێگای خۆی ببڕێ. دڵنیام دەڵێن ئەم ڕووداوە تەنها ئەفسانەیەکەو هەقیشتانە وابڵێن و لاتان سەیر بێ و بپرسن چۆن ڕێی تێدەچێ مرۆڤ تا ئەو ئاستە نەزان بێ..ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم جۆرە شێتی و نەزانینە لە زۆربەی خەڵکدا هەیە، بە جۆرێك کە تەنانەت دڵنیام داخۆ ئێوەش کەم تا زۆر گیرۆدەی ئەو دەردەنین.

خولەکێك بیر بکەنەوە: ئایا ئێوە میراتگری کالآیەك نین کە نرخەکەی هەزار جار لەنرخی کەشتیەك گرانترە؟ واتە میراتگری ژیان و دەرك و هۆشی خۆتان نین؟

ئەو دەرك و هۆشە چۆن دەخەنە گەڕ؟ ئایا هەروا لێی دەگەڕێن؟ یا ڕادەستی لافاوی ڕك و کینە و هەوەسەکانی دەکەن و لێیدەگەڕێن کە دۆستایەتی ناپاك، کتێبی ترسناك و سەرگەرمی و هەوەسی زیانبەخش بەشێوەیەکی نا بەجێ کە مایەی پەسندی هزر و بیرتان نیە، بخزێتە نێو ژیانتانەوە؟

ئایا بەراستی فەرماندە و ڕێوانی کەشتی خۆتانن و ئەو هێز و برستە لە خۆتاندا دەبینن کە کەشتی وجودی خۆتان بگەیەننە کەناری ئارامی و سەفاو سەرکەوتن و بەختەوەری؟ کە دەبینن ئاوانیە، دەبێ تێبگەن کە پێویستتان بە ڕێنوێکەری ژیر و دووربین هەیە. ئەوکاتەی کە دەتانەوێ خۆتان ڕێوان و ڕێنوێنیکەری خۆتان بن، زۆر ئاسانتر لەوەی بیری لێدەکەنەوە، دەتوانن سەر کەوتووبن، تەنها پێویستە چەند ڕاستیەك بزانن و لە کار و هەنگاوەکانتاندا بەکاریان بێنن و پیادەیان بکەن. ئامانجی ئێمە لە نووسینی چەند لاپەرەیەك کە توانای بیر لە ژیانی پراکتیکدا نیشاندەدا، ئاشناکردنی ئێوەیە لەگەڵ ئەو ڕاستیانە و هاندانتانە بۆ کار پێکردنیان.

بیر، لەم دونیایەدا سوکانی هەموو شتێکە. ئەم ڕاستیە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ ئاشکرانەبوو و پێنەدەزانرا، کاتێکیش کە خەڵك پەییان بەهێز و توانای بیر برد و ڕێزیان لێنا و ستایشیان کرد، پەی بردنەکەیان نا تەواوبوو و وایانزانی ئەمە هێز و دیاردەیەکی نە گۆڕ و دیاریکراوە و تایبەتە بەو مێشکانەی کە دەگمەن و ناوازەن. تەنها لەم ساڵانەی دواییدا بوو کە هونەری بەڕێوەبردن و خستنەگەڕی بیر بەر لە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە، خەڵك بەچاکی دەرکیان پێ کرد و پەییان پێبرد.

ئەو هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوانە ئەوەیان نیشان داوین کە بەسوود وەرگرتن لە بیر و وەگەڕخستنیەوە دەتوانین تایبەتمەندی و خەسڵەتە ئاکاریەکانی خۆمان هەموار بکەین و باشتر ڕێکیان بخەینەوە، فاکتەرە

دەرەکیەکانی ژیانمان یان لانی کەم کاریگەیی ئەو فاکتەرانە لە بوونی خۆماندا بگۆڕین و دواجار خۆشی و بەختەوەری وسەرکەوتن وەدەست بێنین.

لەهەمانکاتدا، بوارەکانی خستنە گەڕ و ڕاهێنانی بیر بێ سنورن و ئاکام ودەرەنجامەکانیشیان کۆتاییان نیە. کەسانێکی زۆر هەن لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدەن لە ڕێی توانای مێشکی خۆیانەوە بەسەر هزرەکانی خۆیاندا زاڵبن، هەموو شتێك دەدەنە پاڵ شانس و ڕێکەوتەوە. لەبەرئەوەی چاودێریکردن و ڕاهێنانی بیر پێگەیاندنی دەبێتە مایەی گەشەسەندن و نەشونمای هەموو توانا و ئامادەگیەکانی مرۆڤ ، بۆیە بایەخ پێدانی گرنگترین ئەرکی ئێمەیە هەم سەبارەت بە خۆمان و هەم دەوروبەرەکانمان. کەوایە بۆچی خستنەگەڕی بیر و بەڕێوەبردنی بەکارێکی ئەبستراکت دەزانین و بۆ زاڵ بوون وسەرکەوتن لەو تاقیکردنەوە سەختەدا، کاتێکی زۆرو زانیاریەکی فراوان بەپێویست دەزانین؟ لەڕاستیدا ئەمە بۆچوونێکی زۆر نادروستە. تەنانەت کەسێکی نەزانیش با کاتێکی زۆریشی لەبەر دەستدا نەبێ، بایی ئەوەندە دەتوانێ هزر و خەسڵەتە ئاکاریەکانی خۆی و دواجار ڕێچکەو شێوازی ژیانی بگۆرێ و دەرفەتی پێویست بۆ ئەو گۆڕانکاریە وەست بێنێ.

ئەو کارەی کە دەبێ ئەنجام بدرێ ، ئەو کێشە و پرسگرانەی کە بێ چارەسەر بکرێن و ئەو دەرەنجامانەی کە بەدەست دێن لەگەڵ ئەوەشدا کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازیان هەیە، بەڵام پرەنسیپە زانستیەکان لەیەك جیانین و شتگەلێکن کە هەموو کەسێك دەتوانێ ئەنجامیان بدات. ئەو قەڵەم و سومبەیەی کە لە دەستی پەیکەر سازێکی ناشارەزادایە بۆی هەیە پەیکەرێکی زۆر جوان تێك بدات، هەمان شت لەدەستی تاوانکارێکدا دەشێ دزی پێبکرێ یان مرۆڤی پێبکوژرێ. بیریش لەدەستی ئێمەدا ئامرازێکە دەتوانێ پیشە و کارەکانمان جوانتر یان دزێوتر بکات، یان بەتەواوی تێکیبدات.

شێتایەتییێکی چەند گەورەیە ئەوەی نایەوێ بەهۆی ئەو ئامرازەوە لە پێناو گەیشتن بەجوانی و بەختەوەری و سەرکەوتن تێبکۆشێ. پەیکەرساز لەکاتی کارکردنیدا چاو لەسەر ئەو بەردەی کە دەیتاشێ و کاری لەسەر دەکات لانادات. ئەو ئەنجامەی کە دەبێ وەدەستی بێنێ پێشتر لە نێو مێشکی خۆیدا نەخشەی بۆ دەکێشێ و بەهەر قەڵەم لێدانێك هەوڵ دەدات بگاتە ئەنجام و کارەکەی خۆی بەو چەشنەی کە لەمێشکیدا نەخشەی بۆ کێشاوە تەواو بکات. ئێمەش دەبێ خەسڵەتەکانی ئاکار و ژیانی خۆمان بەقەڵەمی بیر بتاشین و بەوشێوەیەی کە گەرەکمانە ئەنجامیان بدەین. پێویستە بزانین چیمان ئەوێ و ئەو باوەڕ و متمانەیە لە خۆماندا دروستبکەین کە پێویستە تێبگەین و بەبوێری و پشتگەرمیەوە دەست بەکار بین.

هەر بیرکردنەوەیەك خۆی قەڵەم لێدانێکە کە پارچەیەك لە مەڕمەڕی ژیان دادەتاشێ. بۆیە دەبێ بڕیار بدەین کە بیر و هزرمان لەپێناو ئامانجی باشتردا بخەینە گەڕ، لەڕێی مەبەستی بەهادار تردا خەرجی بکەین و بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە هەموو خواست و تواناکانمان وەکار بخەین. لەگەڵ




ئەوەشدا، مرۆڤ هەرچەند بەنیازێکی باش و بڕیاری دروستیشەوە پابەند و خولیای ئەو کارە گرنگەبێ، مادام تەمەنی منداڵی تێپەڕکردبێ بەهۆی خوو و نەریت و دیدوبۆچوونی ئەو بیرو هزرانەی کە ساڵەهایە لە مێشکیدا جێیانگرتووە، بەکردەوە جێبەجێکردنی ئەو گۆڕان و هەنگاوانەی باسمانکردن گەلێك سەختن و گرفت و بەربەستی خۆیان هەیە.

ئەو شێوازە باشترین ئەنجامی سەبارەت بەنەوەی نوێ ، واتە ئەوانەی کە هێشتا لە تەمەنی منداڵیدان، لێدەکەوێتەوە.

نووسەرێك بە ناوی (ت.کارتەر) دەڵێ:"دایك و باوکان و پەروەردەکاران ئەگەر لە جیاتی ئەوەی منداڵەکان ناچار بکەن، کە هەمیشە منداڵی گوێڕایەڵ و ملکەچ بن، کارێك بکەن کە منداڵەکان ڕێگای بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان بەهۆی هزر و بیرکردنەوەی خۆیان فێربن، دەبینین پرسە پەروەردەییەکان زۆر ئاسانترو جێبەجێ دەبن و ژمارەی کەسانی تێگەیشتوو چەندین بەرامبەر دەبێتەوە"

ئەگەر منداڵ ڕاهێنرا کە بەدروستی بیر بکاتەوە و هزر و ئەندێشەی هەڵە لە مێشکی خۆی دوور بخاتەوە و مێشکی خۆی بە گوێرەی خواستی خۆی بخاتە گەڕ و چاوەڕێی فەرمان و ئامۆژگاری دەرەکی نەبێ، ئەوا دەبینین بەشێوە بیرکردنەوەیەکی پاك و بێگەرد و دڵسۆزانە گەورە دەبێ، چونکە ئەو شتێکی شاراوە و شەرم و تەریقبونەوە لەژیانی خۆیدا نابینێ، کەسانێك کە لە منداڵیەوە خویان بە بیرکردنەوە و ڕامان و چاودێریکردنی ژیانی خۆیانەوە گرتووە، لە ڕوداوی ناخۆش و ناهەموار کە لەژیانی ئەوانەی لەو دەرسە بێبەشن ڕوودەدا، دەرباز دەبن.

بەمپێیە بۆ پاراستنی بەها و بەرژەوەندی خۆمان و نەوەی نوێ کە پەروەردە و ڕاهێنانی لە ئەستۆی ئێمەدایە، دەبێ چالاکی مێشك و بیرکردنەومان ڕێك بخەین و بەدروستی ڕێنوێنی بکەین و هەموو ئەو خێروبێر و دەسکەوتانەی لەو ڕێگایەدا پێمان دەبڕێ بەووردی لەبەر چاوبگرین.

١_ Ella Wilcox(wheelet)_شاعیرو ڕۆژنامە نوسی ئەمریکایی(١٨٥٠_١٩١٩)

سەرچاوە :

کتێبی (پیروازی فکر_ن ئورایزن سوت ماردن)

تێبینی :ئەم کتێبە (٢٢)جار بەزمانی فارسی لەچاپ دراوەتەوە و بەتیراژی زۆر خراوەتە بەردەستی خوێنەران.